# تەپوتۆزی سیاسەت... سیاسەتی بە شێنەیی..!!

" من لە کوردم نەداوە، کورد خۆی هێشتا فێری سیاسەت نەبووە "، ئەمە وەڵامی شای ئێران □□□ بوو بۆ رۆژنامەنوسێ دوای پەیمانی جەزائیر، ئەگەر راستیش نەبێ مەبەستی سیاسی لە پشتەوەیە.

ئێمە لەبەر ئەوەی سەربەخۆیی میللیمان نەبووە و خاوەنی ئەرشیف کردنی زانیاری نین. نائومێدی نیە گەر بڵێین ئێمەی کورد پشت بە عەقڵی خۆمان دەبەستین زیاتر وەک بە زانیاری و دیراسەکردنی مێژوویی. بەڵام وا دەردەکەوێت خەریکین فێری سیاسەت دەبین، بەڵام وورده وورده. ئەم جموجوڵەی دوایی ناو یەکێتی هەندێ شت روون دەکاتەوە. ئایا ئینقیلابە؟ بەدڵنیایی نەء ، ئایا دووبەرەکیە؟ نەء ، بەڵکە راستکردنەوەی رەوتی مێژوویی سیاسەتە و مۆدێرن کردنی. ئەم گۆڕانکاریانە لە هەر حیزبێکدا رووبدا ، دەبێت بە شێوەیەکی عەقلانی و دەستوری بێ ، لە بەر رۆشنایی بەرژەوەندی میللەت بێ نەک تموحاتی شەخسی تا دروستکەر بێ نەک روخێنەر ، چونکە شیواندنی هەر حیزبێک کار دەکاتە سەر ئیستیقراری سیاسی میللەتەکە.

ئەوەی جێی سەرنجە لە مەیدانی سیاسی کوردستاندا ئەوەیە ، چەپ و راست نیە: چەپ راستە و راستیش چەپە. رەجعی و پێشکەوتووخواز نیە : پێشکەوتووخواز رەجعیە و رەجعیش پێشکەوتووخوازە. بەرەی چەپ و راست نیە، بە نموونە : چەپەکان ناوکۆییان نیە ، ژیرەیان یەک نیە و دابەش نابن بەسەر ژمارەی ناوکۆییان، ژمارەی ناوکۆی هابەشیان نیە، هەر بە هەمان شیوەش بەرەی راست. پارتی و یەکێتی هەریەک حکومەتی خۆی هەیە کەچی هەردووکیان ساڵانێکی زۆرە پەیوەندیان بەهێزە لەگەڵ سۆسیال دیموکارتی ئەوروپایی، وورده حیزبەکانی تریش وەکو مانگ بە مانگەشەو بە دەوریاندا دەسوڕێنەوە . ئایا کورد هەر هەمووی راستڕەوە یا چەپڕەوە ...؟ باوەڕناکرێ !.

سیاسەت مکانیزمی خۆی هەیە وەک هەموو مەیدانێکی تر، هەر چۆن لە ئابووریدا لە بازاڕدا کەلوپەل فرۆشتن میکانیزمی خۆی هەیە. سیاسەت فەرمانڕەوایی، حوکمڕانی، دەسەڵاتداریتیە. سیاسەت لە سەردەمی نوێدا حوکمڕانی موتڵەق نیە، بریتیە لە فیکرە بۆ بنیادنانی کۆمەڵگایەک وەک پرۆگرام و پرۆژە بۆ کۆمەڵ دروست کردن و چۆن بڕوانینە مرۆڤ . ئێمە هێشتا نەگەیشتوین بە و ئاستە بەڵکو لە قۆناغی دروست کردنی دەسەڵاتی میللەتداین. لەبەر ئەوەش فیکرە کراوە بە ئامڕاز بۆ مەبەستی سیاسی و بووە بە قوربانی دەسەڵاتداریتی. چەپ لە گەڵ راست هاوپەیمانە و راست لەگەڵ چەپ هاوپەیمانە بۆ پچڕینی تۆزقاڵی دەسەڵات.

هیچ شتێ موقەدەس نیە، خەڵک موقەدەسی دەکات بۆ مەبەستی تایبەتی. هیچ کەسێ موقەدەس نیە موقەدەس دەکرێ. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەم جۆرە عەقلیەتە هەبوو. بەڵام دیموکراتییەت بەهێزە شەخس پەرستی دەتوێنێتەوە، دەسەڵات دەدات بە شەخس بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ، دەسەڵاتی موتڵەق نیە . لە دیموکراتیدا ( Contre-pouvoire) هەیە بە مانای دژە ـ دەسەڵات تا شەخس بە خراپ سوود وەرنەگرێ لە دەسەڵات بۆ مەبەستی شەخسی یا دەسەڵات بە خراپە بەکار نەهێنرێ، دەسەڵاتی پەرلەمان بەرامبەر بە سەرۆک، دەسەڵاتی رۆژنامە و مێدیا بەرامبەر بە دەسەڵاتی حکومەت، رای گشتی بەرامبەر بە رای حکومەت.

لە ساڵی 1975 تا ئەمڕۆکە پتر لە سەد هەزار کورد شەیدکراوە، بەڵام دەستکەوتی سیاسی میللەت لە هەمان قۆناغی کۆندایە. رژێمی سەدام روخا هەموو کەس ئاواتەخوازبوو، عێراق لەشکری نەما و وولاتی بێ لەشکرە، کەواتە کوردستان لەوپەڕی بەهێزیدایە، حوکمی زاتی تەسک

هەیە. بەڵام ناوچە بە پیتە کوردیەکان کە شەڕی لەسەر هەڵگیرسایەوە کاتی خۆی و رژێمی سەدام لە ناوچەی کوردستانی دابڕی هێشتا نەخراونەتەوە سەر ناوچەی حوکمی زاتی.
سیاسەتی کوردستانی بەهۆی رەوتێکی سیاسی چەوت و نەبوونی یەکێتی میللەت ، چەقیوە لە قوڕوچڵپاودا، خۆشمان سەری لێ دەرناکەین باوەڕناکرێ نەخشەیەکی دیاریکراو هەبێ. بەڵام عقول و ئەندازیاری سیاسەتی جیهانی وەک پۆڵ ۆڵفیچ و رامسفیلد و نێگرۆ پۆنتی نەخشەی خۆیان هەیە لەسەری دەڕۆن. سیاسەتی کوردستانی بووە بە دیلی سیاسەتی بە شێنەیی ، قۆناغی یەکەم کۆنگرەی لەندەن بوو، دەهۆڵ لێدرا بۆ فیدراڵیەت و دوو دەستور دانرا ، یەکێ بۆ عێراق یەکێ بۆ کوردستان. لە قۆناغی دووەمدا ئەنجومەنی کاتی ، فیدراڵیەت کاڵ بوەوە، کەس لە داواکاری کوردستان گوێی نەدەگرت و هەر یەک دەیگوت لەدەستی مندا نیە. قۆناغی سێیەم حکومەتی کاتی ، ئەمجارە فیدڕاڵیەت لە گۆڕ نرا، هەڕەشە و ترساندنی سەرزاری کرا، بەڵام مەسەلەکەیان کپ کردەوە بە چەند کورسیەک. قۆناغی چوارەم ماوە .... ئینتیخاب و دەستوری وولات، لەم قۆناغەدا ئەگەر زیرەک بین ئەتوانرێ شت بکرێ بە دانانی رستە و بڕگەی یاسایی لە دەستوردا بۆ ئایندە و چارەنوس ، کە بە شێوەیەکی یاسایی و ئاشتی چارەی کێشەی کوردستان و حکومەتی مەرکەزی بکرێ و بە شیوەکی ئاشتی و رەزامەندی هەردوو لا. هیچ گەرەنتیەک نیە بۆ ئەمە کەواتە چاوەڕێی قۆناغی پێنچیش دەکرێ. ئەمریکاییەکان بەجیا مامەڵەی کورد دەکەن دیارە هەڵیان گرتووە بۆ قۆناغی پێنچ بۆ فشار خستنەسەر عێراق، ئەگەر لە ژێر رکێف دەرچوون. ئەوەێ جێی سەرسوڕمانە ، کورد لەسەنگەری بە هێزیدایە ئەمرۆکە ئەتوانێ یاری بە وەرەقەی بکات ، هەر هیچ نەبێ وەک گەمەی سیاسی بەڵام دەستەپاچەیە چاوەڕێی روداوەکان دەکات، تا ئەو کاتەی بەرامبەرەکەی خۆی گرت و بە هێز بوو توانای هەبێ بڵێ ( لا ) . لە سیاسەتدا هاوکێشەی هێز هەیە ، ئەگەر بەهیزتر بی دەتوانی داوی زیاتر بکەی، ئەگەر بێهێزتر بی ئەبێ رازی بی بەوەی لە دەستتدایە.

ئەوەی بە عاتیفەی قەومی دەڕوانێتە سیاسەت لەوانەیە نائومێد بێ ئەگەر بووترێ کاتێ تورکیا چووە ناو یەکێتی ئەوروپا ، کە بەڕێوەیە، دابەشکردنێکی کوردستان دەبێت دوای چاڵدێران ئەمجارەیان تا هەتا هەتا ، بە لام تاکە رێگایە بۆ بەشیک لە کورد کە بەشێوەیەکی ئاشتی بە مافەکانی بگات، هەروەها کاربکاتە سەر کوردەکانی تر لە پێشکەوتندا . ئەوکاتە ئەوروپا لە بستێ خاکی نابوورێ ، ئەوە مەنتیقی سیاسەتە، ئەمرۆکە لەو باوەڕەدانیم ئەوروپا درێژ بکەنەوە تا خانەقین.

من وا هەست ناکەم لەسەداسەد راستبم، بەڵام هەوڵم داوە بە گوێرەی بۆچونم شت روون بکەمەوە، هەرکەسەش لە ئاست خۆی بەشداری دەکات، بە عەقڵیەتی موتڵەق ناگەین بە راستی.

رزگار حەسەن
2004 10 30